# شوناسی نەتەوەیی و نەتەوەکان
# لەسەردەمی ئینتێرنێت و ڕاگەیەنە کۆمەڵایەتییەکاندا*

ژیار ئاغاپووری
و: ئیبراهیم ساڵح ڕاد

پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی پەیوەندی و ڕاگەیاندن، کارتێکەرییەکـــی بەرچاوی لەســـەر پێکهاتەی تیئـــوری و پراکتیکیی دیـــاردە کۆمەڵایەتی، سیاســـی، ئابووری و فەرهەنگییـــەکان داناوە. ئێمە لەســـەردەمێکدا دەژین کـــە زانیاری، بە خێراییەکـــی زۆر و لە قەبارەی گەورەگەورەدا دەتوانـــرێ بنێردرێ، وەرگیـــرێ و کاریگەریی هەبێ. لەســـەردەمی پەیدابوونـــی تێکنۆلۆژیی چاپـــەوە، هەرگیـــز وەک ئێســـتا مێـــژوو، ئاوا ئاســـان، بە بەڵگەوە و لە ئاستێکی ئاوا بەریندا، لەبەردەســـتدا نەبـــووە ( Arthur 2011:175) مێدیای ئەلەکترۆنی و ئینتێرنێت نیشانیان داوە کـــە لە پێکهێنانی ئەو ئاڵوگۆڕە خێرایە، کە لەو بوارەدا هاتۆتەپێش، بـــە دوو ئامرازی کاریگەر لە قەڵەم دەدرێن. ئینتێرنێت، وەک ئامرازێکی خزمەتگـــوزار، توانیویەتی هەمـــوو لایەنەکانی ژیانی ئینسان بخاتە ژێر شوێنەوار و کاریگەریی خـــۆی و تواناکانی ئێمەی بـــۆ پەیوەندیگرتن لە ئاســـتی ناوچەیـــی، نەتەوەیـــی و جیهانیدا بە شـــێوەیەکی بنەڕەتی بەریـــن کردووەتەوە. هەروەها بە قازانجی"دروســـتکرن و پاراستنی شوناســـی نەتەوەیی" گۆڕانی بەســـەر ژینگەی میدیاییدا هێناوە (Saunders 2011: 58).

هـــەروەک کاســـتێلز (22001:) بە کورتی دەڵـــێ: "ئینتێرنێـــت بریتییە لـــە ئامرازیک بۆ پەیوەندیگرتن کـــە بۆ یەکەمجـــارە ئیمکان و دەرفەتـــی ئەوەی پێکهێناوە تـــا خەڵکیکی زۆر دەگـــەڵ خەڵکێکی زۆری دیکە، لە هەرکاتێکدا کە بیانهەوێ، بتوانن لە ئاستی دونیادا پەیوەندی بگرن. " تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن و پەیوەندیگرتن، بـــۆ بزووتنەوە ئیتنیکی و ناسیۆنالیســـتییەکان، ڕۆڵـــی کاتالیزاتـــۆر دەبینـــێ: "پەرەپێـــدان و بڵاوکردنەوەی کۆمیونیکاسیۆن و پەیوەندیگرتن بە شـــێوەیەکی کاریگەر، شوێنەواری ئاشکرایان لەسەر چوونەســـەری ئاســـتی ئاگاهیی ئەوان هەبـــووە. " (Connor 1994: 39). هەروەهـــا، ئانتۆنـــی ســـمیس (: 171995) دەڵێ، مێدیای ئەلەکترۆنیـــک توانیویەتـــی پەیوەندییـــە نەتەوەیییەکانـــی نێـــو گرووپـــە ئیتنیکییەکان چالاک وبەهێزبکا و هانیان بدا تا لەنێو خۆیاندا پەیوەندیی تازەتر دروســـت بکەن، ســـەرلەنوێ دابهێنن یا پێناسە بکەن. ئەو دەڵێ مێدیا توانای ئـــەوەی هەیە کە وەفـــا و هاوپەیوەندیی نێوان ناسنامە و شوناســـی نەتەوەیی و ئیتنیکییەکان لە ئاســـتی نێونەتەوەییـــدا بەهێزبکاتەوە، و ئەو کەلێـــن و قوژبنانە پڕ بکاتـــەوە کە کەوتوونەتە نێوان ئەوان و ئەو کەســـانەی کە بە شـــێوەی ســـیمبۆلیک، بە خوشـــک و بـــرای خۆیانیان دادەنێن. سمیس پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە ئەو پراکتیکە، واتە پراکتیکی میدیاکان، بووەتە هاندەرێکی خەللاق و کارساز بۆ دەستە و تاقمە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بچووکەکان و کۆمەڵگا ئیتنیکی و زمانییەکان، تا ڕایەڵکە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتـــی و کولتوورییە بەهێزەکانی خۆیان دروســـت کـــەن و بیانپارێزن. ئـــەوەش لەگەڵ نفوزی ئەو کولتـــوور و فەرهەنگە لە دژایەتی و ئۆپۆزســـیۆندایە کە لە ئاستی دەوڵەت- نەتەوە و لە ئاســـتی ناوچەیی و گلۆباڵدا دەستی باڵای هەیە.

هەروەها، سەرهەڵدان و پەیدابونی مێدیای تایبەت بـــە دیاســـپۆرای گرووپـــە ئیتنیکی- نەتەوەیییەکان کە بەرنامەکانیان بەرەوناوچە و مەبەستێکی دیاریکراو ئاراستە دەکەن، لەو دوو دەیەیەی دوایدا، بووەتە بەشـــێک لە ڕایەڵکەی مێدیـــای جیهانـــی. هەر لەو ســـەردەمەوە کە چاپەمەنی داهاتووە، نەتـــەوە بێ دەوڵەتەکان، لە هەوڵـــی ئەوەدا بوون کـــە ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆنـــی تایبـــەت، بـــۆ پەیوەندیگرتن بە ئەندامانـــی کۆمەڵگاکانیـــان و باســـکردنی ئەو مەسەلانە کە پەیوەندییان بە ناسنامە و هەویەتی خۆیانەوە هەیە، دامەزرێنن. لە نێوەڕاســـتەکانی دەیـــەی ١٩٩٠ی زایینیەوە، ئەو پێشـــکەوتنە تێکنۆلۆژییانـــەی کـــە لە بـــواری ئینترنیت و ڕایەڵکەکانـــی دیکەی ســـەرهێڵدا ڕوویانداوە، هێـــز و توانایـــان داوەتە گرووپە دیاســـپۆرا و پەراوێزخراوەکان، تا بتوانن مەیدانی چالاکی و

تێکۆشانی خۆیان بۆ سەرانسەری دونیا پەرە پێ بدەن (Karim 2003). بەمجۆرە ئەو پێشکەوتنە تێکنۆلۆژییە بە شێوەیەکی ئاشکرا یارمەتیی بە دروست بوونی کۆمەڵگایەکی وێنایی و مەجازی، لە "سەرهێڵ"[١] و لە "فەزا"[٢]دا کردووە کە لە ئاستێکی فەرا میللیدا، هەموو دونیای مەجازی و دیجیتاڵ دەگرێتەوە و دەرفەتی ئەوەی بۆ خەڵک پێکهێناوە کە لەفەزایەکی کۆمەڵایەتیی سایبێریدا، بێ وەبەرچاوگرتنی سنوورەکان، یەکتر ببینن و ڕووبەڕوو دەگەڵ یەکتر قسەبکەن.

هەر بەو شێوەیە، پێشکەوتنی تێکنۆلۆژی لە بواری تەلەفۆنی مۆبایل و پەیوەندییە دیجیتاڵییەکاندا، ئیمکان و دەرفەتیان بۆ گەشەی داخوازییەکانی کەمایەتییە نەتەوەییەکان پێکهێناوە. ئەمە بووەتە هۆی سەرلەنوێ داڕشتنەوەی کۆنسێپت و زاراوەکانی وەک نەتەوە، نیشتیمان، کۆمەڵگا، خۆ و هتد لە لایەن ئەوانەوە. ئینتێرنێت، بۆ کەمایەتییە نەتەوەییەکان و ئەو دەستە و گرووپە جۆراوجۆرانەی کە لە دیاسپۆرادا و بەشێوەی پرش و بڵاو لەیەکتردەژین، زۆر هەل و دەرفەتی ڕەخساندووە. ئەوە بەو مانایەیە کە پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیی ڕاگەیاندن و پەیوەندیگرتن، ئەو ڕێگایانەی بەرین کردووەتەوە کە زانیارییە ئێتنیکی، کولتووری و ئینسانییەکان، بەهۆی ئەوانەوە دەپارێزرین و دابەش دەکرێن.

ئەو کۆمەڵگا دیاسپۆرایانەی کە خاوەنی دەوڵەت-نەتەوەی تایبەت بەخۆیان نین، دەتوانن قازانجێکی زۆر و بەرچاو لەو هەل و دەرفەتانە وەرگرن کە ئینتێرنێت دەتوانێ بیانخاتە بەردەستیان. واتە چالاکی و تێکۆشانی ڕۆژانەی بەکارهێنەرانی ئینتێرنێت و سۆسیالمێدیا و چۆنیەتیی تەعبیری ئەوان لە ناسنامە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان، دەتوانێ بەشداریی کاریگەری لەسەر گەشەی "ناسیۆنالیسمی ڕۆژانە"[٣] لەنێو کۆمەڵگا و نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و هەروەها ئەو گرووپانە هەبێ کە لە دیاسپۆرادا بەسەردەبەن (Billig 1995).

لەوەش زیاتر ئینتێرنێت بە فەزایەکی "سەربەخۆ" و "دێموکراتیک" دادەنرێ کە خەڵک دەستیان وێرادەگاو دەتوانن لەوێدا، بێ لەبەرچاوگرتنی کەندوکۆسپە جۆراوجۆرە چینایەتی، جنسیەتی، مەزهەبی، نەتەوەیی و ئێتنیکییەکان کە لە دونیای واقعیدا هەن، بەشداری بکەن. ئەو دونیایە کە "لە هەموو جێگایەک هەیە و لە هیچ جێگایەکیش نیە" (Barlow 1996). لەو فەزا دێموکراتیک و سەربەخۆیەدا، گرووپە پەراوێزخراوەکان دەرفەتی ئەوەیان بۆخۆیان دۆزیوەتەوە کە چیرۆک و بەسەرهاتی خۆیان بگێرنەوە و لە ڕێگایەکی کەمتر سنووردارکراوەوە، شوێن لەسەر وەزعی سیاسی دانێن. ئەمە توانای داوەتە ئەو گرووپانە کە لە دونیای مەجازیدا ببنە خاوەن دەنگی خۆیان و بە شێوەیەکی ئازادانە لەگەڵ حەشیمەتی نێو ئەو دونیا گلۆباڵە سایبێرییەدا، دیالۆگ وگفتوگۆبکەن.

کاستێلز وێڕای ئاماژە بە زاراوەی "کۆمەڵگای ڕایەڵکەیی"[٤] باس لەوە دەکات کە چۆن خەڵک لە "کۆمەڵگا مەجازی"یەکاندا واتە(مانا) بەرهەم دێنن. (١٩٩٧, ٢٠١٠). ئەو نیشانی دەدا کە چۆن سترەکتورە کۆمەڵاتییەکان و ئەو بزووتنەوانەی لەوێدا نوێنەرایەتیی دەکەن، لە دەوری ئەو داتا و زانیارییانە پێک دێن کە لە چاوچێوەی ڕایەڵکەدا دێنەکایەوە. بەوجۆرە لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگای مەجازی بۆخۆی دەبێتە ڕووبارێکی گەورە بۆ وەدەستهێنانی دەستەڵات و سەرچاوەکانی دیکە.

لەسەرتاسەری دونیای مەجازیدا، سنوورە واقعییەکان یا کەم بوونەتەوە یا هەر لەنێو چوون. واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەباری فیزیکییەوە لێک هەڵبڕاون، دەتوانن لە ڕێگای ئینتێرنێت و سۆسیال مێدیاوە، پەیوەندی دەگەڵ یەکتر پێک بهێنن و سەبارەت بە کۆمەڵگاکانی خۆیان بیروڕا بگۆڕنەوە و هەواڵ و ڕاپۆرت بڵاوبکەنەوە. لە ئاکامدا، دەکرێ ژمارەیەکی یەکجار زۆری

خەڵک بە ئاسانی "هەڵخرێنرێن" واتە لە ماوەی یەک "کلیک"دا مۆبیلیزە بکرێن و هان بدرێن (Couldry 2012: 1-3).

تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی چاپەمەنی و ڕاگەیەنەکانی دیکە و هەروەها ئەو کاریگەری و شوێنەوارەی لەسەرناسنامەی نەتەوەیی هەیانە، دەتوانرێ لە پەیوەندی دەگەڵ مێدیای سەردەمی تازەش، بۆ نموونە سۆسیال مێدیاشدا، دەکاربکرێ. سەرەڕای ئەوەش، لە سەردەمی بەجیهانی بووندا، ئینتێرنێت و سۆسیال مێدیا، بە بەراوەرد لەگەڵ مێدیای چاپیی دوو تا سێ سەدە لەمەوبەر، لە سەردەمی گەشەی ناسیۆنالیزم لە ئورووپادا، یا لە کۆتاییەکانی قەرنی نۆزدە و سەرەتاکانی قەرنی بیستەم، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، دەتوانن دەرفەتی بەرینتر، لەسەر ئاستێکی زۆر گەورەتردا، بۆ پێوەندی و ڕاگەیاندن پێک بێنن. بێ ئەملاوئەولا دەتوانین بڵێین کە خێرایی گواستنەوەی زانیاری لەسەردەمی ئینتێرنێتدا، لە چاو، سەردەمی ڕاگەیەنەرە چاپییەکاندا، زۆر زیاترە. لە ڕێگای دەکارکردنی تایبەتمەندییە جۆراوجۆرەکانی ئینتێرنێتەوە، بەتایبەت لە ڕێگای سۆسیال مێدیاوە، نەتەوە بێ دەوڵەتەکان و ئەو گرووپە جۆراوجۆرانەی لە ئاوارەیی، تاراوگە و دیاسپۆرا دەژین، توانیویانە، بە شێوەیەکی جیاواز لە مێدیاکانی سەردەمی پێشتر، کۆنسێپت و زاراوەی نەتەوە، سەرلەنوێ دابڕێژنەوە و جارێکی تر پێناسەی بکەنەوە. ئەو نەتەوە و کۆمەڵگا واقعییانە، لەلایەن خەڵکانێکەوە دروست کراون و یا پێکدێن کە بۆ پەیوەندی پێکهێنان بەدوای کەسانێکدا دەگەڕێن کە تایبەتمەندیی ئێتنیکی، کولتووری، سیاسی یا ئیدئۆلۆژیکیی هاوبەشیان دەگەڵ ئەوان هەیە.

## شوناس و ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەردەمی سۆسیال مێدیادا

ڕاگەیاندنەکان ڕۆڵێکی گرنگیان لە کۆکردنەوە و مۆبیلیزە کردنی کوردەکان، بە تایبەت لە دیاسپۆرادا گێراوە. دەتوانین بڵێین کە پەیامی بردنەپێشی پرسی نەتەوەیی کورد هەرگیز ئاوا سەرکەوتوو نەدەبوو، ئەگەر ئەو جۆرە مێدیا و ئامرازانەی پەیوەندیگرتن و کۆمیونیکاسیۆن، لەبەردەستی ئەواندا نەبوایەن. بە واتایەکی دیکە، دیاسپۆرای کورد، کەڵکی لە ئازادیی بەیان لەو وڵاتانەی کە ئێستا لێیاندا نیشتەجێیە وەرگرتووە و لەوەش زیاتر وڵاتە لیبڕاڵ و دامەزراوە دێموکراتیکەکانی ئەوانی خستووەتە ژێر باڵەپەستۆ، تا ئاستی زانیاری وپشتیوانیی خۆیان سەبارەت بە پرسی نەتەوەیی کورد بەرنەسەرێ.

بە سەرهەڵدانی ئینتێرنێت، لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٩٠ و سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا، ئەو ماڵپەڕ و بلۆگە کوردییانەی کە لەلایەن کوردەکانی دیاسپۆراوە بەڕێوە دەبران، دەورێکی بنەڕەتییان لە ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بۆلای مێژوو، کێشە و داخوازە نەتەوەییەکانی کورددا، گێڕا. جیا لەوە ئەوان توانیان ژمارەیەکی زۆر لەخەڵک بۆ نێو ڕیزەکانی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد ڕاکێشن. دەتوانین بڵێین کە مێدیا ئەلەکترۆنیکییە کوردییەکان، بە پێکهێنانی دەرفەت و پانتایەکی گشتی و بێ سنوور، بۆ خۆبەیانکردن و خۆنیشاندانی شوناسی کوردی، ئاڵوگۆڕیان بەسەر دیسکۆرسی ڕۆژانەدا هێنا. "وەک ئەوەی کە ئەوان لە هەموو جۆرە کۆمەڵگاکاندا سەرچاوەی ئەزموونکردن و تاقیکردنەوەی خۆسازکردن و خۆدروستکردن بن، یا ئەوە کە ببنە سەرچاوەی ئیلهام بۆ بیرلەخۆ کردنەوە، وەک پرۆژەیەکی کۆمەڵایەتیی ڕۆژانە."

بۆ کورد، ئینتێرنێت تەنیا بریتی نییە لە ڕایەڵکەیەکی پێکەوە گرێدراو لە کۆمەڵێک سایت و ماڵپەڕ کە بە ئاسانی دەستمان پێیان ڕادەگا. بەڵکوو بە لەبەرچاوگرتنی "ڕوخساری دەرەکیی نۆرمە مەوجوودەکانی

نێو کۆمەڵ ونرخ و بایەخە کۆمەڵایەتییەکان"، بریتییە لە یەکەیەکی سیاسی یا بەواتایەکی دیکە "لەشێکی سیاسی" و "سەرزەمینێکی" نەناسراو(Mutlu: 2010). لەو دوو دەیە و نیوەی دواییدا، ئەگەر میدیاکانی وەک ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە کوردییەکان، زەمینەیان بۆ دەربڕینی هەڵوێستە سیاسی و ئیدئۆلۆژیکییەکان پیکهێناوە، ئینتێرنێت بووەتە ئامرازێکی حاشاهەڵنەگر بۆ بەشداریکردن لە "ژیانی ڕۆژانەی دیاسپۆرای کورد"دا (Aghapouri 2018). ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە مەجازییانە، بوونەتە مایەی خوڵقاندنی گفتوگۆیەکی تازە لە نێوان دیاسپۆرای کورد و هاونیشتمانەکانیان لەسەر خاکی نیشتیماندا و توانای ئەوەیان پێ بەخشیون کە "ژیانی خۆیان سەرلەنوێ پێناسە بکەنەوە و دەوڵەتە دەستەڵاتدارەکانیش دەگەڵ گیروگرفت و تەنگوچەڵەمە بەرەوروو بکەن" ( Romano 2002:128). ئەو بۆچوونە پشت بەو ڕاستییە دەبەستێ کە خەڵک دەتوانن، بێ لەبەرچاوگرتنی سنوورە قانونی و حکوومەتییەکان، لەمەڕ ناسنامە و هەست و ئیحساساتی هاوبەشی نێوانیان، دەگەڵ یەکتر پەیوەندی بگرن و پێکەوە باس و گفتوگۆ بکەن. دیاسپۆرای کورد، چ لە نێو کوردەکانی دەرەوەی وڵات و چ لە نێو کوردەکانی نێوخۆی کوردستاندا، لە پەیوەندی لەگەڵ پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی ئینتێرنێتدا، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە (Aghapouri 2018) . لانی کەم لە ماوەی دە ساڵی دوای ئەوەشدا، ئەوە هێشتا هەر دیاسپۆرای کوردە کە لەو بارەیەوە کاریگەر و شوێندانەرە. ئەوە کە لەدەیەی سەرەتای پەیدابوونی ئینتێرنێتدا، دیاسپۆرای کورد، توانی دەستێکی باڵا لە پەرەپێدان و بەرهەمهێنانی ئینتێرنێتیدا پەیدا بکا، تا ڕادەیەکی زۆر بۆ ئەو هۆکارە سیاسی، تێکنیکی و ماددیانە دەگەڕێتەوە کە لە ئاکامی ژیان لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دونیادا، بۆی ڕەخسابوو. دیارە دواتر، لە نێوخۆی کوردستاندا، (تەنیا لە کوردستانی عێراق) لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکدا، حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕۆڵی سەرەکیی لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئینترنیتدا گێڕا. بۆ نموونە لە بنیاتنانی ژێرخانی دامەزراوە بنەرەتییەکانی پەیوەندی و ڕاگەیاندندا، کە بۆ دامەزران و پەرەپێدانی ئینتێرنێت پێویستن، دەوری سەرکیی گێڕاوە. بە دوای دامەزراندنی خزمەتگوزاریی بەرهەمهێنانی ئینتێرنێت (ISP) لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، لە سەرەتای ساڵەکانی ۲۰۰۰دا، کە یارمەتیی کرد بە هاتنەکایەی کۆدێکی یەکگرتووی نوسینی کوردی، ژمارەی ماڵپەڕ و بلۆگەکان بە چەشنێکی بەرچاو ڕووی لە زیاد بوون کرد. لەوەش زیاتر، پەرە ئەستاندنی بەرچاوی ژمارەی ئەو سایت و ماڵپەڕانە کە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکان بەڕێوەیان دەبردن و چوونەسەری حەجمی کار و تێکۆشانی ئەوان لەسەر ئینتێرنێت، ئەوەی دەرخست کە دیاسپۆرای کورد لە " گواستنەوەی بەشێکی گرنگی پرۆژەی نەتەوەسازی و ڕیتۆریکی سیاسی و کارو چالاکی بۆسەر قەڵەمڕەوی ئینتێرنێت"دا، نەخشێکی بنەرەتیی هەبوو(Sheyholislami 2011: 93).

ئێریکسن(Eriksen 2017) باسی گرنگیی ئینتێرنێت بۆ گرووپە بێ دەوڵەتەکان دەکات و لە باسەکەیدا کەمێک ئاماژە بە کوردەکانیش دەکا کە چۆن لە ئینتێرنێت کەڵک وەردەگرن. ئەو دەڵێ نەتەوەکان لەسەر تۆڕی مێدیایی و فەزای سایبێریی ئینتێرنێتدا گوڵ دەکەن. ئەوە ژوورەکانی چات و گفتوگۆ، سایتەکانی گەیاندن و بڵاوکردنەوەی زانیاری، ماڵپەڕەکان، بلۆگەکان، ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان و شتی تری لەو بابەتە دەگرێتەوە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە فەزای سایبێریی ئینتێرنێت، بۆ دەرخستنی شوناس و نەتەوەسازی بۆ ئەو نەتەوانەی کە ناوچە و نیشتمانی خۆیانیان لەدەست داوە (بۆ نموونە ئەفریقاییە پەرتەوازەکان) یا

ئەو نەتەوانەی کە بەهۆکاری سیاسی ئاوارە بوون، (وەک تامیلەکانی سریلانکا و خەڵکی کوردستان) یا ئەو نەتەوانەی کە لە ڕادەیەکی بەریندا کۆچیان کردووە بۆ شوێنەکانی دیکە (وەک هیندستان یا خەڵکی دوورگەکانی کارائیب)، بە ژینگەیەکی لەبار لە قەڵەم دەدرێ. هەر لەو پەیوەندییەدا، ناوبراو باس لە چوار چەشنە ناسیۆنالیزمی ئینتێرنێتی دەکا. ناسیۆنالیزمێک کە لەلایەن دەوڵەتەوە پشتیوانیی لێ دەکرێ (شیلی)، ناسیۆنالیزمی بەدیل و ئەڵترناتیو (ئەفریقاییەکان)، ناسیۆنالیزمی پێش وەدەستهێنانی سەربەخۆیی[۵] (کوردستان) و سەرەنجام ناسیۆنالیزمی فرەکولتووری (مەغریبی-هۆلەندی). بەو جۆرە ئیریکسن، ئینتێرنێتی کوردی لە ژێر کاتەگۆریی ناسیۆنالیزمی پێش وەدەستهێنانی سەربەخۆییدا، پێناسە دەکا و لەو ڕێگایەوە کوردەکان بە گرووپێکی ئیتنیکی ئەوتۆ بە حیساب دێنێ کە لەحاڵی بردنە پێشی پرۆسەی نەتەوەسازیدان. ئەو دەڵێ "شوناسی نەتەوایەتیی کوردی لە قۆناخی شکڵگرتن و سازبوون دایە". هەر لەو کاتەشدا تیشک دەخاتە سەر ئەو "کەلێنە بەرچاوە" و ئەو دابەش دابەش بوونە زۆرەی کە لەنێو کوردەکاندا هەیە.

هەموو ئەو لێکۆڵینەوانەی کە باسیان کرا ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە ئینتێرنێت توانیویەتی بۆ نەتەوەی بێ دەوڵەتی کورد ببێتە پلاتفۆرمێک و فەزایەکی فەرامیللیی گەورە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕوانگە و هەست و ئیحساساتی کوردەکان سەبارەت بە مێژوو و ناسنامەی هاوبەشی خۆیان. بووەتە مەکۆیەک بۆ هێنانەگۆڕی دیسکۆرسی سیاسی، بەمەبەستی بردنەپێشی ئامانجە سیاسییەکان و بۆ بەهێزکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی و دارشتنەوە و هێنانەوەبەرباسی ئەو هەویەتە. ئەوەش سەرەنجام بووەتە هۆی پەیدابوون و هاتنەکایەی "کۆمەڵگای مەجازی"ی کوردی (Eriksen 2007). هەر بەوچەشنەش، ئینتێرنێت توانای کۆمەڵگا کوردییەکانی لە ئاستی لۆکاڵ و لە نێوخۆی کوردستاندا بۆ پەیوەندی کردن بەرین کردووەتەوە و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساندوون تا بتوانن لە گەڵ شوێن و مەودا جوگرافییە دوورەدەستەکان لە پەیوەندیدا بن. خەبات و تێکۆشانی ئێستای کوردەکان لە سەر ئینتێرنێت و لە فەزای دیجیتاڵدا، مژدەی ئەوە دەدا کە پێشکەوتنێکی تازە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا خەریکە پێکدێ، کە دەتوانین وەک دروستبوونی کوردستانی مەجازی یا "سایبێرکوردستان" ناوی بەرین. (Keles 2016).

## سۆسیال مێدیا وەک پلاتفۆرمێکی جیاواز بۆ پلوڕالیزم و فرەچەشنی

سۆسیال مێدیا و ئەو مەکۆ و پلاتفۆرمانەی کە ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکان کەڵکیان لێ وەردەگرن، بە تازەترین پێشکەوتن و پەرەسەندن لە بواری پەیوەندی و کۆمیونیکاسیۆنی سەر تۆڕی ئینتێرنێتدا بەحیساب دێن. فەزای سایبێریی سۆسیال مێدیا بووەتە مەیدانی خۆ نیشاندانی گەلێک پرسی تایبەت بە شوناس و هەویەتە ناتەباکان. لە پەیوەندی دەگەڵ ئەو گرووپانەی کە لە دیاسپۆرادا بەسەردەبەن، ئەو فەزا سایبێرییەی کە سۆسیال مێدیا پێکی دێنێ، بۆ نموونە لەسەردەمی بەجیهانیبووندا، بووەتە هۆی ئەوەی کە ئەو دەستە و تاقمە جۆراوجۆرانە، دەستیان بە گەلێک مێدیای سەر ئینتێرنێت ڕابگا و دەرفەتی ئەوەشیان بۆ دروست بێ تا بەمەبەستی دامەزراندنی پەیوەندی دەگەڵ گرووپ و کەسانی دیکە، پەیامی خۆیان بنێرن.

ئەم شێوە پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندنە کە لە ڕێگای مەجازییەوە ئەنجام دەدرێ، ئاکام و شوێنەواری بەرچاوی بۆسەر چۆنیەتیی بەرهەمهێنانەوە و دارشتنەوەی شوناسی نەتەوایەتیی کوردی لە داهاتوودا، بەدواوە

دەبێ. دیارە جارێ هەموو ئەو ئاکامانە بە ڕوونی نابینرێن، بەڵام هەر لە ئێستاوە بەشێک لەوان خۆیان نیشان دەدەن. وەک پێکهاتنی ئاڵوگۆڕ لە پەیوەندی، لە مۆدێلی یەکێکەوە بۆ زۆران[٦]، بەرەو مۆدێلی پەیوەندیگرتنی زۆران لەگەڵ زۆران[٧]، هەروەها ئاڵوگۆڕ بەرەو پلۆرالیزم، دێموکراتیزاسیۆن و گلۆبالیزم لە ناسنامەی نەتەوەییی کورد لە دیاسپۆرادا.

چاوەدێرییەکان ئەوە نیشان دەدەن کە بزووتنەوەی نەتەوەیی-سیاسیی کورد خەریکە باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە شوناسی نەتەوەیی و سیاسی، دەگوازێتەوە بۆ سەرهێڵ و نێو پلاتفۆرم و کاناڵە جۆراوجۆرەکانی سۆسیال مێدیا. ئەو هەموو لاپەڕە و مەکۆ جۆراوجۆرانەی کە لە فەیسبووک، تویتەر، یوتیوب، ئینساگرام وهتد. . . دا کراونەتەوە ئەوە نیشان دەدەن کە گۆڕانێکی بەرچاو بۆ بەشداریکردن و شوێندانان لەسەر نێوەرۆکی پلاتفۆرم و ڕایەڵکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی سەرهێڵ بەڕێوەیە. بە کردنەوەی لاپەڕەیەک لەسەر فەیسبووک کوردەکانی دیاسپۆرا، بە ئاسانی پەیوەندی دەگەڵ هاونیشتمانانیان لە نێوخۆی کوردستان و هەروەها کوردەکانی دیکەی نیشتەجێی وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دەرەوە، دادەمەزرێنن. بە دابەشکردن و دابەزاندنی فایلە دەنگی و ڤیدیۆییەکان، دەتوانن پەیامی مەجازیی جۆراوجۆر وەرگرن یا بۆ کەسانی دیکەی بنێرن. لە ڕێگای بەرهەمهێنانی پەیامی جۆراوجۆرەوە، هەروەک چاوەدێرییەکان دەری دەخەن، دەتوانن بەشێک لە داستان و مێژووی نەبیستراوی خۆیان بگەیەننە ئەو مێدیا نوێیانە کە ناکەونە چوارچێوەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و چاپەمەنییەکان. لەوەش زیاتر ئەوان توانیویانە ئاڵوگۆڕ بەسەر چەند بەشێک لە کار و چالاکییە سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە سوننەتییەکانی خۆیاندا بێنن.

نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە کە پەیدابوونی سۆسیال میدیا و ئینتێرنێت، دەرفەتی ئەوەی بۆ بزووتنەوەی سیاسی-نەتەوەییی کورد ڕەخساندوە کە لە بەرهەمهێنان و دارشتن و بڵاوکردنەوەی بابەت و نێوەرۆکی پەیامەکانیدا، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو سنوور و کەندوکۆسپانەی کە لەسەر بڵاوکردنەوە لە مێدیاکانی دیکەدا هەن، دەستی تا ڕادەیەکی زۆر ئاوەڵاتر بێت. بەو جۆرە دەردەکەوێ کە ئەگەر هەوڵێک بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوایەتی لەگۆڕێدا بێ، ئەوە ئەو چالاکی و تێکۆشانەیە، کە لە بەستێنی خوارەوەی کۆمەڵگاوە لەلایەن ئەندامانی سادەی چالاک لە سۆسیال مێدیادا ئەنجام دەدرێ.

بە پێچەوانەی ئەو پسپۆڕی و ئێلیت تەوەرییەی کە لە مێدیای چاپی و ڕاگەیەنە کوردییەکانی دیکەدا هەیە، سۆسیال مێدیای کوردی، لە لایەن کەسانێکی ئاساییەوە بەڕێوە دەچێ کە ڕەنگە هیچ پسپۆڕییەکیان لە کاری مێدیایی و هیچ زانست و زانیارییەکیان، وەک ڕۆژنامەنووس، چاوەدێر و کۆمێنتاتۆر یا کەسێکی ئەکادیمیک، لەسەر کێشەی کورد نەبێ. ئەو چەشنە شکڵ پێ دان و باسکردنەی ناسنامەی نەتەوایەتی، بووەتە هۆی ئەوەی کە پرسی نەتەوایەتیی کورد گشتگیرتر بێ و بتوانێ خەڵکێکی هەرچی زۆتر لە دەوری خۆی کۆکاتەوە و لە ئاکامدا پتر برواتە پێش.

بە پێچەوانەی مێدیا باوەکان، سۆسیال مێدیا خۆی لەخۆیدا مێدیایەکی هەمە لایەنە واتە مۆڵتی مێدیایە. ئەمەش گەلێک دەرفەت و ئیمکانی جۆراوجۆر بۆ ئەو کەسانە دەخوڵقێنێ کە بەکاری دێنن، وەک ناردن و وەرگرتنی تێکست، فیلم، ڤیدیۆ، پەیامی دەنگی و وێنەی گرافیک و هتد، بە شێوەیەکی هاوکات. ئەو کارکردانەی سۆسیال مێدیا بوونەتە هۆی ئەوەی دیاسپۆرای کورد لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، چالاکتر و هەڵسووڕتر بێ و بەشدارییەکی زۆرتر بکا. ئەوەش بە نۆرەی خۆی ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سۆسیال مێدیا، تواناو لێوەشاوەیی ئەوەی تێدایە کە "وێنە زیندوو

و درەوشاوەکان، بگەیەنێتە هەموو جێیەک و خەڵکێکی زۆر و لە ژمارە نەهاتوو“ (Tettey 2009: 158). بەوجۆرە سۆسیال مێدیا دەتونێ لە پەیوەندی دەگەڵ هێنانەگۆڕ و پێناسە و دروستکردنی شوناسی نەتەوایەتیدا، کێبڕکی دەگەڵ مێدیا سوننەتییەکانی دیکە بکا.

ئەگەر ڕوانگەکانی هابرماس وەبیرخۆمان بێنینەوە، دەتوانین باشتر لە مەسەلەکە تێبگەین. لە ئورووپای سەدەی هەژدەدا، قاوەخانەکان، سالۆنە گشتییەکان و کۆمەڵەکان لە لایەن بۆرژوازییەوە وەک ”پانتایی گشتی“ بەکار دەهێنران. لەوێدا خەڵک یەکتریان دەدی و بە شێوەیەکی ئازادانە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیان شی دەکردنەوە. بەو جۆرە لە ڕێگای باس و گفتوگۆکانیانەوە شوێنەواریان لەسەر کردەوەی سیاسی دادەنا. لێرەدا دەکرێ بڵێین کە ژوورەکانی چات و گفتۆگۆ، ڕایەڵکە و پلاتفۆرمە کۆمەڵاتییەکانی سەر ئینتێرنێت، هەروەها ئەو گەنگەشە و باس و وتووێژانەی کە لە ڕێگای کاناڵە جۆراوجۆرەکانی سۆسیال مێدیاوە بەرێوە دەبرێن، بە جۆرێکی نوێی ”پانتایی گشتی“ لەسەردەمی ئینتێرنێتدا دادەنرێن.

ئەو توخمانەی کە ناسنامەی نەتەوەی کورد پێکدێنن و لەڕێگای تەلەفزیۆن و مێدیاکانی دیکەوە بە نێوخەڵکدا بڵاو بوونەتەوە، بەشێوەی جۆراوجۆر، لە سەردەمی ئینتێرنێت و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەشدا، هەروا درێژە بەرۆڵی خۆیان دەدەن. پلاتفۆرمەکانی نێو سۆسیال مێدیای کوردی، بە پێچەوانەی مێدیا سوننەتی و زاڵەکان، نوێنەرایەتیی دەنگێکی یەک لایەنەی نێو بزووتنەوەی ناسنامەخوازیی کوردی ناکەن. ئەوان لە نەخشی ”پانتایی گشتی“دا خزمەتیان کردووە کە لەوێدا کوردەکانی وڵات و دیاسپۆرا لە پرۆسەی دروستکردن و شکڵ پێدانی ناسنامەی نەتەوەییدا بەشداری دەکەن. لەو پانتا گشتییەدا، ناسیۆنالیزمی کوردی نەک هەر لاواز نەبووە، بەڵکووچووەتە نێو قۆناخ وسەردەمێکەوە کە بۆ دارشتنەوە و بەیانکردنی خۆی، جەماوەرێکی زۆرتری وەدەستهێناوە و توانیویشیەتی سروشتێکی فەرامیللی بەخۆیەوە بگرێ. ئەندامێکی دیاسپۆرای کورد کە لەسەر فەیسبووکە، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە لە کوێ دادەنیشێ، لە پرسێکی گشتیدا بەشدارە. سۆسیال مێدیاش دەرفەتێکی زۆرئازادتر و تەنانەت باشتریش، بۆ بەشداریی گەلی کورد دەخولقێنێ تا لە سەردەمی بەجیهانی بووندا باس لە خۆی و داخوازەکانی خۆی بکات. هەر بەو جۆرە کە چاپەمەنییەکان سەدەیەک لەمەوبەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا، توانیان نەخشێکی لەو چەشنە بگێڕن. بەڵام ژمارەی زۆر و بەرینی ئەوکەسانەی کە سۆسیال مێدیا بەکاردێنن بۆخۆی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە سۆسیال مێدیا تا چ ڕادەیەک جیاوازە.

هەرچەند سۆسیال مێدیاجێگایەکە بۆ باس و گفتوگۆ لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵام سروشتی ئەو باس و گفتوگۆیانەی کە لە سۆسیال مێدیادا سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی دێنەگۆڕێ و مەبەستی ئێمەیە، جیاوازیی زۆری دەگەڵ ئەو باس و بابەتانە هەیە کە وەک پرسی شوناس لە مێدیای چاپ و دەنگورەنگی و سوننەتیدا دینە ئاراوە و بێنێدیکت ئەندرسۆن (Anderson 2006) وەک ئێلیت تەوەری باسیان لێ دەکات. بەو شێوەیەی کە ئەو باس دەکات، ئێلیت، حکومەت وکاربەدەستانی دەوڵەت، تێدەکۆشن لە ڕێگای دەستنیشانکردن و بردنە پێشی ئەجێنداکانەوە، خەڵک لە مێدیادا کۆنترۆڵ بکەن. کەچی پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی سۆسیال مێدیای کوردی، دەرفەتیان بۆ گرووپ و کەسایەتییە جۆراوجۆرەکان، بە پێشینەی جیاواز لە باری تەمەن و جنسیەت و کەسایەتیی کۆمەڵایەتییەوە دروست کردووە، تا تێبکۆشن لە بەرهەمهێنانی ناسنامەی نەتەوەییدا بەشداری بکەن. لەم

قۆناخـــەدا "ئێمە" و "ئەوان"ی فەرزی لەســـەر ئەساســـی ئەو مۆدێلە لە ڕاگەیاندن دانەمەزراوە کە پەیام لە تاکەوە ڕوو بە زۆران دەنێردرێ. لەو مۆدێلەی ڕاگەیاندندا، پەیـــام لەلایەن ئێلیتەوە بەرهـــەم دێ و بـــۆ خەڵک دەنێـــردرێ. بەڵام لێرەدا ئەوە کەسانی ئاســـایی و ئەندامانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـــی کوردن کە کۆنســـێپتەکان لە فەزای گشـــتیی مەجازیدا دەخەنەبەر باس و گەنگەشـــە و لەئاکامدا دەبنە مایەی خوڵقاندنی "کۆمەڵگای وێناکراو"[۸] کە ئەندرســـۆن پێشتر باسی لێ کردبوو.

## کورتە و ئاکامی لێکۆڵینەوەکە

ئەم وتـــارە، ڕۆڵـــی گرنگـــی ئینتێرنێت، وەک ئامرازێک بۆ بەشـــداریی بروتنەوەی سیاســـی-نەتەوەیی لە دروستکردنی شوناسی نەتەوەییدا دەخاتە بەرباس و پێی وایە مێدیای ســـەرهێڵ، زەمینە وهەل بۆ باس و بەیان کردنی ناسنامەی نەتەوەیـــی بـــە باشـــترین ڕێـــگای مومکیندا دەرەخســـێنێ. هەروەها، بۆ دیاســـپۆرای کورد، بەکارهێنەرانی ئینتێرنێـــت، پەیوەندیی خۆیان دەگەڵ نیشـــتیمانی یەکەمی خۆیان ڕادەگرن و بـــە شـــێوەیەکی کاریگەریـــش لەکاروباری پەیوەندیـــدار بەودا بەشـــداری دەکـــەن. ئەمە دەکرێ ئەوبیرۆکەیە بگرێتەوە کە ئەندرســـن لە ژێرناوی "کۆمەڵگای وێناکراو" ئاماژەی پێ دەکا.

ئەو وتارە باس لەوە دەکات کەناسیۆنالیزمی کوردی توانیویەتی بە کەڵک وەرگرتن لەو فەزایە کە لـــەو دواییانەدا ئینتێرنێـــت پێکی هێناوە، بەسەر ئەو کەندوکۆســـپ و مەودا فیزیکییانەدا زاڵ بـــێ کە لەنێوان نیشـــتمان و ئەو کۆمەڵگە جۆراوجۆرانـــەی کـــورددا هەیە کە لـــە وڵاتانی دەرەوە دەژیـــن. لەوەش گرینگتر، لێکۆڵینەوەکە ئـــەوەش ڕوون دەکاتـــەوە کـــە تێکنۆلۆژیـــی پەیوەندیگرتن، بـــە تایبەتی مێدیای ئینتێرنێت، دەرفـــەت بۆ نەتـــەوەی بێ دەوڵـــەت وگرووپە پەراوێزخـــراوەکان پێکدێنـــێ، تا دیسکۆرســـی پێوەندیدار بە مەســـەلەی شوناســـی سیاسی و نەتەوەییی خۆیان بۆ سەردەمی تازە بگوازنەوە.

هەرچەند کارێکی دژوارە پەیوندی لە نێوان سۆســـیال مێدیا و شوناســـە جۆراوجۆرەکاندا بدۆزینـــەوە، بەوحاڵـــەش سۆســـیال مێدیا وا دەبینرێ کە لە جیاتی ئەوەی لەسەر پێکهێنەرە ئیتنیکی، کولتووری، سیاســـی و توخمەکانی دیکەی پێکهێنـــەری ناســـنامەی نەتەوەییی کورد، هەڕەشەیەکی ڕووخێنەر بێت، دەرفەت و هەلی بەردەمی ئەوان بەهێزبکات. بەڵام، بێ مەترسی نییە. ئەگەرچی سۆسیال مێدیا هەلی ئەوەی بۆ کوردەکان خوڵقاندووە کەلەوێدا هەم بیروڕای خۆیـــان بە ئاشـــکرا دەرببڕن و هەم بیـــرەوەری و یادگاریی جەمعـــی و بەکۆمەڵ شـــکڵ پێ بدەن؛ بەشداریی بەرینی ئەندامانی ئاســـاییی کۆمەڵـــگای کـــورد لـــە دەربڕین و چالاکیـــی سیاســـی-نەتەوەیی و زمانییەکاندا، کارکردەکەی وەک شمشێرێکی دووسەر بووە لەسەر ڕێگای شوناسی نەتەوایەتیی کوردیدا.

بە مانایەکی دیکە پەیدابون و سەرهەڵدانی گەلێک مەسەلەی گەورە و بچوک، وەک کێشە زمانی و سیاسییەکان، بوونەتە هۆی ئەوەی کە دیسکۆرسی نەتەوەیی و شوناسخوازیی کوردی لەگەڵ گەلێک ســـەختی و ململانێ و هەوراز بەرەوروو بێت. بەو جۆرە، ناسیۆنالیزمی کوردی لە حاڵـــی ئاڵوگۆڕدایـــە تا بتوانـــێ جیاوازییە سیاسی، فەرهەنگی و ئیتنیکی و زمانییەکانی نێو کوردستان و دیاسپۆرای کورد قەبووڵ بکا و لە ئاستێکی بەرینتریشدا، لە نێو بزووتنەوەی شوناســـخوازیی نەتەوەییدا جێیان بۆ بکاتەوە. ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو جیاوازی و ناتەبایی و نالێکیانەی کە پێشـــتر و لە حاڵی حازردا، لە نێو بزووتنەوەی کورددا دەبینرێن، نەک هەر لە لایەن سۆسیال میدیاوە بەرهەم دێنەوە، بەڵکوو لە ڕادەیەکی زۆرتریشدا بەیان و نیشان دەدرێن. ئەمەش ناســـیۆنالیزمی کوردیـــی گوازتۆتەوە بۆ ســـەردەمێکی تازە، کە من بە ســـەردەمی "ناسیۆنالیزمی کوردیی جەماوەریی سەرهێڵ" ناوی دەبەم. واتەسەردەمێک کە ناسیۆنالیزمی

کوردی لەســەر ئینتێرنێت لە ئاستێکی بەرین و هەڵقوڵاوی جەماوەریــدا چالاکە. هەرچەند ئەو جیاوازی و فرەچەشنییەی کە لە ڕیزەکانی بزووتنــەوەی ناسیۆنالیســتیی کوردیداهەن، بوونەتەهۆی کەم بوونەوەی خێراییی پرۆسەی دروستبوونی کۆمەڵگای وێناکراوی یەکگرتووی کورد، بەڵام ئەو وتارە دیاردەیەکی لەو چەشنە بە نیشانەی هەبوونی پلۆرالیزم و دێموکراسییەکی زۆرتر لە نێو بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورددا لە قەڵەم دەدا. ئەوەش لە بارودۆخ و کۆنتێکستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاســتدا، دیاردەیەکی بــێ وێنەیــە. ئاخرپلۆراڵیزم و دیموکراســی، لەسەرتاسەری چەرخی بیســتەمدا، لە پرۆژە ناسیۆنالیســتی و نەتەوە-دەوڵەت سازییەکانی ئەو ناوچەیەدا، دوو پارچەی ونبوو بوون.

*. ئەم وتــارە دەقی کورتکراو و وەرگێڕدراوی وتارێکە کە پێشــتر لە ژورناڵی ئاکادیمیی «شوناســە نەتەوەیییەکان» لە ســاڵی٢٠٢٠دا بڵاو بووەتــەوە. مافی کورتکردنەوە و وەرگێڕانی ئەم بابەتە لەســەر گۆڤاری تیشکە. بۆ سەرچاوەی سەرەکی بڕوانە:
Aghapouri, J. H. (2020) Towards pluralistic and grassroots national identity: a study of national identity representation by the Kurdish diaspora on social media, National Identities, 22:2, 173-192, https://doi. org/10. 1080/14608944. 2019. 1601172

## ژێدەرەکان

1. Online
2. On Air
3. Banal Nationalism
4. Network Society
5. Pre-independence nationalism
6. One-to-many pattern of commucication
7. Many-tomany pattern of communication
Imagined Community
8. Online grassroots Kurdish nationalism

## سەرچاوەکان

Aghapouri, J. H. (2018). Nationalism and Diaspora in Cyberspace: The case of the Kurdish diaspora on social social media. PhD thesissubmitted to the departments of Politics & International Relations, The University of Auckland, New Zealand.
Anderson, B. (2006). Imagined communities : reflections on the origin and spread of nationalism. London ; New York Verso.
Arthur, P. L. (2011). Toward a global digital history. In G. Radhika, & C. Rohit (Eds. ), Global Media, Culture, and Identity: Theory, Cases, and Approaches. Routledge.
Barlow, J. P. (1996). A declaration of the independence of cyberspace. Retrieved online,January 2013.
Billig, M. (1995). Banal nationalism. London: Sage.
Castells, M. (2010). The power of identity (2nded. ). Malden, MA : Wiley-Blackwell.
Castells, M. (2011). The rise of the network society (2nd ed. ). Chichester, West Sussex ; Malden, MA : Wiley-Blackwell.
Connor, W. (1994). Ethnonationalism: The quest for understanding. Princeton: Princeton University Press.
Couldry, N. (2012). Media, society, world: Social theory and digital media practice. Cambridge: Polity Press.
Diamandaki, K. (2003). Virtual ethnicity and digital diasporas: Identity construction in cyberspace. Global Media Journal, 2(2).
Eriksen, T. H. (2007). Nationalism and the Internet. Nation and Nationalism, 13(1), 1-17.
Eriksen, T. H. (2010). Ethnicity and nationalism : anthropological perspectives (3rd ed. ). London ; New York : Pluto Press.
Habermas, J. (1989). The structural transformation of the public sphere : an inquiry into a category of bourgeois society; translated by Thomas Burger with the assistance of Frederick Lawrence: Cambridge : Polity, 1989.
Hassanpour, A. (1998). Satellite footprints at national borders: MED-TV and the extraterritoriality of sovereignty. Journal of Muslim Minority Affairs, 18(1), 53-72.
Karim, H. K. (2003). Mapping diasporic mediascapes. In H. K. Karim (Ed. ), The media of diaspora (pp. 1-18). London: Routledge.
Keles, J. Y. (2015). Media, diaspora and conflict : nationalism and identity amongst Turkish and Kurdish migrants in Europe: London : I. B. Tauris.
Mutlu, C. (2010). Kurds in cyberspace: The Kurdish diaspora, the Internet and its impact on the Kurdish question. On Politics, 2(2), 119-137.
Romano, D. (2002). Modern communication technology in ethnic nationalist hands: The case of Kurds. Canadian Journal of Political Science, 35(1), 127-149.
Saunders, R. (2011). Ethnopolitcs in cyberspace: The Internet, minority nationalism and the web of identity: Lexington Books.
Sheyholislami, J. (2011). Kurdish identity, discourse, and new media. New York: Palgrave Macmillan.
Smith, A. D. (1995). Nations and nationalism in a global era: Cambridge Polity Press.
Tettey, J. W. (2009). Transnationalism and the African diaspora, and the deterritorised politics of the Internet In F. M. Banda, F. &Tettey, J. W (Ed. ), African media and the digital public sphere (pp. 143-164). New York: Palgrave Macmillan.